# ملیاردیرەکانی تاڵەبانی و.... کرێنشینەکانی تاڵەبانی...!

(سەبارەت بە دوو هەواڵی سەرسورهێنەر)

**موزەفەر عەبدوڵا**

mozafar_as@yahoo.com



ماوەیەک لەمەوبەر هەندیک لە دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستان لەسەر زاری بەرپرسانی یەکیتی یەوە هەواڵی ئەوەیان بلاْو کردەوە کە تەنها لە ناوچەکانی ژیر دەسەلاْتی یەکیتی نشتیمانی 20 ملیاردیرو 2000 ملیۆنیر بە دۆلاری ئەمریکی هەیە.بی گومان یەکەمجار ئەم هەواڵە بە میشکی خوینەردا نەدەچوو، و بە موبالەغەو پرۆپاگەندەی ئیعلامیان دەزانی.

بەلاْم زۆری نەخایاند دوای بلاْوبوونەوەی ئەم هەواڵە جەلال تالەبانی لە سەفەریکی دا بۆ فەرنسا لە چوار چیوەی دیدارو چاوپیکەوتنەکانی لەگەڵ بەرپرسان و دەزگاکانی راگەیاندا بە جۆریک لە شانازی کردنەوە بوونی ئەو ملیاردیرانەی راگەیاند، وەک ئەوەی هەنگوینی لە داربەرودا دۆزیبیتەوە. هەر لەم چوارچیوەیەشدا بانگەوازی کۆمپانیاو خاوەن سەرمایەکانی وولاْتانی تری دەکرد کە بین سەرمایەکانیان لە کوردستان دا بخەنە گەر کە ویرای بەرقەرار بوونی ئەمنو ئاسایش هەموو پیداویستی یەکیان بۆ دابین دەکەن.

تا ئەو کاتەی ئەو هەواڵە لەسەر زاری تاڵەبانی یەوە رانەگەینرا لە بارەی بوونی ملیاردیرەوە، رەنگە بوونی ملیۆنیر لە کوردستان زۆر جیگەی سەرسورمان نەبویت. بەلاْم ئیستا ئەم ژمارەیە لە دەوڵەمەندی زل و زەبەلاح مایەی پرسیاری هەموو مرۆڤیکە، تەنانەت منالاْنیش.

پرسیار ئەوەیە، لە هەلو مەرجی کوردستانیکی ناجیگرداو نا بەرهەمهینەردا کە تا ئیستا بە شیکە لە وولاْتیک کە عیراقەو، عیراقیش بۆتە بوئرەی کیشەو ململانی و شەرو پیکدادان و داگیرکاری و تەدەخولی زۆربەی وولاْتە زل هیزەکانی جهان و ناوچەکە، لەسەر هەمویانەوە ئەمریکا و رژیمەکانی دەورو بەر، ئاخۆ ئەم ملیاردیرانە بە چ شیوازیکی شەرعی _ شەرعی بە مانای تەمەرکوزی سەرمایە لە چوار چیوەی پرۆسەی قانونمەدی یەکانی ئابوری _ کۆمەلایەتی سەرمایەداری میژوویی نۆرمالدا وەک زۆربەی ولاْتەکانی جهان، بە تایبەتی رۆژئاوا_ئەم سەرمایەیەیان کۆ کردۆتەوە؟

وەلاْمی ئەم پرسیارە گەرانی زۆری ناویت ،چونکە وەک ووتمان منالە بی سەرپەناکانی کوردستانیش دەزانن، نەوەک منالاْنی خودی ملیاردیرەکانی کوردستان، کە ئەم سەروەت و سامان و سەرمایەیە هەموو لە ریگای دزی و فزی گەندەڵی و میشەخۆری و ریشوەو بەرتیل و ...چی ووشەی ناشایستە هەیە تەنانەت ئەوانەش کە رووی ناو قاموسیان نی یە، بەو شیوەیە ئەم سەرمایەیان کۆ کردۆتەوە .ئەی ئەگەر بە ریگای دزی و گەندەڵی و قوت دانی پاروە نانی خەڵکی کوردستان کۆیان نەکردۆتەوە، ئی خۆ کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و گۆگڵ و یاهوو جەنەرال مۆتۆو شیڵ و بی پی و ...هتد ئەمانە لە کوردستان نین....!

بەهەر حاڵ ، هیشتا هەڵمی ئەم هەواڵە سەر سورهینەرە تەواو نەرەوبۆوە کە لەم چەند رۆژەی رابردوودا هەواڵیکی تری سەرسورهینەر بلاْو کراوەتەوە کە ئەویش هەواڵی ئەوەی ،نیوەی دانیشتوانی خەڵکی کوردستان کری نشینن.ئەمەش لە لایەن دەزگای نیو دەوڵەتی بۆ پەرەپیدان لە عیراق بلاْو بۆتەوە .

ئەم هەواڵەش سەرەرای درک کردنی تەواوی خەڵکی بە گرفتی کریْ نشینی بەلاْم جیگای باوەری کەس نەبوو کە وولاْتیک نیوەی دانیشتوانەکەی کریْ نشین بن.ئەم هەوالاْنە ئەوەندە خەیاڵی و سەر سورهینەرن بە راستی بە عەقڵی سالمی کەس دا ناچیت.بروا ناکەم لە هیچ شوینیکی جهاندا هەبیت نیوەی دانیشتوانەکەی کریْ چی بیت!!

تەنها لە کوردستانی ژیر دەسەلاْتی دوو حزبی تا مۆخ عەشیرەتگەرو سەرکوتگەرو مشەخۆری وەک یەکیتی و پارتی نەبیت کە بونەتە گەنەو خوینی خەڵکی کوردستان دەمژن.

بۆیە ئیستا بوونی ملیاردیرو و ملیۆنیر وەک تاڵەبانی رای گەیاندوە جیێ سەرسورمان نی یە مادام نیوەی دانیشتوانەکەی کریێچی بن.

به راستی وایه کاتیک وولاٌتیک نیوەی دانیشتوانەکەی کریٌچی بن و 70% بیکار بن و کریی خانوو یەکی 2 ژوور و هۆلٌ و گەرماو تەوالیتیکی کۆنی 50-60 سالٌە به 350$ و یەک سالٌ پیشەکی بیت و کری ی مانگانەی کریکار و فەرمانبەریکش لە نیوان 150-200 $ بیت ئاخۆ ئیتر چۆن ئەو ملیاردیرانە پەیدا نابیت کە تالٌەبانی وا شانازی پیوە دەکات؟؟!

ئەی ئاخۆ تالٌەبانی سەرۆک کۆماری عیراقی فیییییدرال و سەرۆکی یەکیتی،و بارزانی سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی پارتی دەبیت بلٌین چی لە پای ئەوەی کە کوردستانیک ئەوان تیادا سەرۆکن نیوەی دانیشتوانەکەی کری چین؟؟!! ئاخۆ بەم هەوالٌەشەوە شانازی دەکەن یان شەرمەزار دەبن؟؟!!ئەمە پرسیاری بە تەنها من نی یە و پرسیاری بەرهەقی لە 99% خەلٌکی کوردستانە.

بەلاٌم خەلٌکی کوردستان ئەم نا عەدالەتی و بی مافی یە لەسەر خۆیان تا سەر قەبولٌ ناکەن.ئەمرۆ هەموو خەلٌکی کوردستان بە پیست و گۆشتی یەوە هەست دەکەن کە ئەم ستەم و چەوسانەوەو پیشیلکاریانەی مافەکانیان لە لایەن یەکیتی و پارتی یە تا سەر مۆخیان رۆیشتوەو نارەزایەتی یەکانی چەند سالٌی رابردووش، بە تایبەتی ئەوانەی لە دوای یادی هەلٌەبجەی سالٌی پارەوە روویان دا ،ئەوە دەسەلمینن کە فعلەن خەلٌکی ئیتر قەبول ناکات .وە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرووی زولٌم زۆر و دزی و فزی ئەمانە دەتەقنەوە ،هەروەک چۆن بە رووی بەعسدا تەقینەوە.

خەلٌکی کوردستان ،سەرەرای سات و سەودای سەرانی یەکیتی و پارتی لەگەلٌ بەعس، بەلاٌم بەعسیان لە کوردستان وەدەرنا. ئەوە بی گومانە کە هەر ئەم خەلٌکە بە تایبەتی ئەم نەوە تازەیەی لاوان و قوتابیان و ژنانی بی مافی کوردستان رۆژیک دا دیت بە رووی ئەم دەسەلاٌتدارە گەندەلٌ و مشەخۆرو تالاٌنچی و خاوەن فایلانە رادەپەرن و نارەزایەتی یەکانیان سەراسەری دەکەنەوە.وە ویرای بەدی هینانی خواستە ئابوری و کۆمەلاٌیەتی یەکانیان ریگای یەک لایی کردنەوەی چارەنوسی سیاسیشیان دەگرنەبەر لە هەموو ئاستکیدا تا رادەی دەسەلاٌتی سیاسی خۆیان.تارمایی روونی ئەو رۆژە رووناکە هەر ئیستا بە ئاسمانی کوردستاندا دیت و دەچیت.جولاٌنەوە نارەزایەتی یەکانی یەک سالٌی رابردوو لە شارەکانی کوردستان تا رادەی توندو تیژی، ویرای هەموو لاوازی یەکانی، هەنگاوە سەرەتای یەکانی گرتنە بەری ئەو ریگایەیە.

نیوەی فەبریوەری 2007